# بوونگەرایی چییە!

**د. حەمید حەمید**

**بەرایی: لە مێژە فەلسەفەی کلاسیکی ڕۆژئاوا بە مەرگی«هیگڵ» بەکۆتاییخۆی گەیشتووە و ئیدی لەوکاتەوە چاخی فەیلەسووفە مەزنەکانیش کۆتایی پێهات. چوونکا پێکهێنانی دەزگا بەرفراوانە فیکرییەکان کە هەمووشتێکی بە چەشنێکی هاوتا، ژێر و لەبار دەیگرتەوە، بە ئیشێکی گەوجانە و بڵحانە دەرهاتبوو. ئەم کۆشکگەلە کە لەلایەن فەیلەسووفە ناوازەکان وەدی هاتبوون، ئێستاکەیش سەرسووڕهێنەرن، بەڵام ئیدی کەسێک ناتوانێت لەوێدا ژیان بەسەر بەرێت و ئاوڕیان لێبداتەوە.دڵخوازی و کەتواری هەبوونی مرۆڤ، هەروەتر خۆخستنەوە بەر مەترسیگەل و دەسکەوتە تاڵەکان، گەشبینی و ڕەشبینی و خۆشی و ناخۆشیی ژیان، دەبێت لە دەرەوەی ئەم فەلسەفە و لە شووستە و شەقام و کافە تریاکان بەدوویدا بین .**

**یەکێک لە قوتابخانە فەلسەفییەکانی چاخی ئیمڕۆ کە وەک مارکسیزم لە لقە سەختە دارەکانی فەلسەفەی (هیگڵ) لێبووەتەوە و توانی پلەیەکی بەرز وئەوتۆ بۆی خۆی دابین بکا و زۆر سەربەرزانە بچێتە نێو خانەی قوتابخانە ڕەسەن و ناوازەکانی هزر و ئەندێشەوە، بێگومان فەلسەفەی بوونیانە یان ئێگزیستانسیالیزمە کە هەڵبەت بەیارمەتی بیروبۆچوون و تێکۆشانی هزرڤانێک وەک(جان پۆل سارتەر)نووسەر و فەیلەسووفی ناوازە، هاتە نێو شەقام و کافەکانیشەوە و لەواقیعدا لە قوتابخانە وشک وناحەزەکانی پۆل و وانەی فەلسەفە هاتە نێوجەرگەی کۆمەڵگەوە .**



**لە فارسییەوە: بابەک سەحرانەوەرد**

میژووی ئەگزیستانسیالیزم:

فەلسەفەی بوونیانە یاخود(بوونخوازی-بوونایەتی-وجودی) بە یەکێک لە فرەرەهەندە و بەربڵاوترین ڕێبازگە فەلسەفییەکانی ڕۆژئاوا پێناسە کراوە. بناخە ئیدئۆلۆجییەکەی ئەم قوتابخانە فیکرییە لە بیروبۆچوونە فەلسەفییەکانی(ئەدمۆند هۆسێرل) بیریاری ئاڵمانیایی و(سۆرین کیرکەگۆر) فەیلەسووفی دانیمارکی سەرچاوەی گرتووە. وتراوە پێش کیرکەگۆر سەردانی ئەم جۆر فەلسەفەیە لەبیروڕاکانی تاقمێک بیرمەند چەشنی(پاسکاڵ)کە فیکر و ئەندێشەیان پتر ڕەنگی دین و ئایینی بەخۆوەگرتبوو، بینراوە. کتێبی(ئەندێشەکانی پاسکاڵ) بە پێنووسی خودی (پاسکاڵ) لە تەلاشدایە چۆنییەتی و چییەتی تێکۆشانی مرۆڤ لەبۆ وەبیرهێنانی بارودۆخی خۆی لەرێچکەی هەڵەیی و فەلسەفە نیشان بدات. (پاسکاڵ) لەم پەرتووکەدا، ئاوا بە زەینی ختوورەی کردووە کە فەلسەفە تەنیا دەتوانێت ئێمە بخاتە نێوخانەی ئەگەری و گۆمانەوە و ئێمە دەبێت خۆمان لەم بەدگومانی و دوودڵیە بە دەکارهێنانی مەعریفەی ڕۆحی واقیع یاخود کەتوار بپارێزین. ئەم وتە حاشاهەڵنەگرە کە ئێمەی مرۆڤ بەردەوام بە شوێن بەختەوەری عەودالین، بەڵام ئەم بەختەوەرییە جیا لە دین و ئایین لە هیچ شوێنگە و ژینگەیەکی دی پەیدا ناکەین و ئەم بەختەوەرییە بە چ جۆرێکی دی وەدر ناکەوێت. ڕوانگە فیکریی و ئایینییەکەی پاسکاڵ بە دژوارییەوە دەچێتە نێو هزرێکی یەکپارچە و تەکووزدارەوە. (پاسکاڵ) ڕوانگەیەکی تایبەتیی لەمەڕ دین و ئایین هەبووە، بەو مانایە کە دەڵێت (تەنیا ئیمان و ئایینە کە مەعریفەی لەسەر بنیادنراوە و نەک شتی دیکە. ڕوانگە و هەڵوێستە ئایینییەکەی (پاسکاڵ) بەتەواوەتی دژ بە فیکر و فەلسەفەیە. لەسەردەمی هاوچەرخ،(پاسکاڵ)بەهۆی وێنایەک کە لەبارودۆخ و ئاخێزگەی مرۆڤ بەدستی داوە، لەلایەن تاقمێک هزرڤان، ڕێزی زۆری لێنراوە، بەتایبەت لەلایەن بوونخوازەکانەوە. (پاسکاڵ) بۆ بیرمەندانی ئەم ڕێبازە فیکرییە هزرڤانێکی دەسپێشخەرە و لە سووچگەلی جۆراوجۆرەوە ئاوڕی فرەزۆری لێدراوە .

وشەی ئەگزیستانسیالیزم:

زاراوەی (ئەگزیستانسیالیزم یان وجوود یا بوون)، لەواقیعدا بوونی نائاگامەند و دەروونیی مرۆڤ بە چەشنێکی تایبەت لە بوونی وەدیهاتووی چشتەکان و جیهان دەبینێت . بەم واتایە،ئەگزیستانسیالیزم بەو شێوەیە کە وجوودییە ڕۆژئاواییەکان پێناسەیان کردووە ، لە چرکەساتگەلی قەیراناوی وەکوو لە کاتی ئاوێلکە و مەرگ تیشکدەدا،خۆی دەقەبڵێنێت. (دەستۆیڤسکی)بیریار و ڕۆماننووسە مەزنەکەی ڕووسیا ڕاشکاونە گوتەنی: (ئەگەر ئەو هێزە نادیارە بوونی نەبێت، دیارە هەموو شتێک موجازە). ئەمە یەکەم بناخەی جدیی بوونگەراییە. لە واقیعدا ئەگەر ئەو هێزە بوونی نەبێت، مرۆڤ ئیزنی ئەوەی هەیە تا هەر شتێ تاسە و خولیای دەکات ، ئەنجامی بدات. کەواتە مرۆڤ تەنیا و بێ یاریدەر ماوەتەوە . چونکە مرۆڤ نە لە دەروونە شەکەتەکەی خۆی و نە لەدەرەوەی ئەم جیهانە دڕندەیە ، نە لە جیهانی دەرهەست و نە لە جیهانی بەرهەست ناتوانێ پاڵپشت و یارمەتیدەرێ لە بۆ خۆی دابینکات. دەبێ ئەمەیش بوترێت کە مرۆڤ ، لەیەکەم هەنگاودا کە ناوی لەدایکبوونە، بۆ کار و کردەوەی خۆی، هیچ ئامێر و کەرەستە و هۆیەکی بەدی نەکردووە، هەتا ئەرکی هەبوونیی خۆی یاخود(وجوود)ی خۆی، بە بۆنەی ئەوەوە مانا بکات و بیخاتە سەرکۆڵ و ئەستۆی ئەوەوە .

لەلایەکیترەوە بەدەسهێنانی پێناسەیەکی کۆبەند و گشتگیر لە ئەگزیستانسیالیزم وەکوو پۆستمۆدێرنیزم بەڕاستی ئەستەمە. بەڵام دەکرێ بە ناوەرۆکێکی سەرەکی کە ئەگزیستانسیالیزم لە چەشنە فیکرییەکانی دی جیا دەکاتەوە و دەیخاتە نێو ریزی قوتابخانە ڕەسەنەکان، ئاماژەیەک بدەین و ئەویش ئەمەیە کە پێداگری سەرەکیی ئەم فەلسەفە لەمەڕ مرۆڤ و مرۆڤناسییە. ئەمە بەو مانایە نییە کە فەلسەفەی بوونگەرایی دەقاودەق لەسەر کۆڵەکەی مرۆڤ بنیادنراوە، بەڵکوو ئەم مانایە دەهێنێتەوەبیرمان کە مرۆڤ کلیلی فامکردنەوەی ئەم جیهانە ترسێنەرەیە و یەکەم پرس کە فەلسەفە دەبێت مشووری بخوات و خۆی لەسەری سوور بکاتەوە و بەدوویدا بێت، ئەوەیە کە بەڕاستی (مرۆڤ چییە؟).

(سارتەر)پشتی بەم بیرۆکەیە ئەستوورە کە(فەلسەفەی بوونیانە) تەواوەن مرۆڤخوازییە. ساتەر مەبەستی ئەوە بووە کە فەیلەسووفی بوونگەرا، مرۆڤایەتیی خستۆتە نێو ریزی یەکەمی کارەیلی هزری و فیکریی خۆیەوە. دڵپەرۆشی و تێڕوانینی هەمەکیی ئەم فەلسەفە بەدەسهێنانی ڕاڤە و گێڕانەوەیەک لەوەیە کە(بوون) لەئاستی مرۆڤدا لەم جیهانەدا چۆن چۆنیە و بە چ شێوە و لەونێکە؟ ئەگەرچی زۆربەی بیریارانی ئەم ڕێبازە لەسەر ئەم ڕایە ناکۆکن و ڕوانگەیەکی دیاریکراوەیان هەڵنەبژاردووە کە دەبێت ئەم ڕاڤەگەرییە چۆن چۆنی بێت و چۆن ناوەرۆکێکی بۆ دابین بکرێت، بەڵام هەم بێ خودایی(سارتەر) و هەم ڕوانگە ئایینییەکەی( کێرکەگۆر و مارسێل)لە ئەندێشەی بوونخوازانە، خۆیان سەقامگیر کردووە. بە تەواوی ئەم شتانەیش، بناخە هزرییەکەی ئەم قوتابخانەیە لەسەر لایەنگری لە هەر جۆر ئەندێشەی دژ بە ئەقڵ و ئاوەزەوە دانراوە. ئازادی بەو مانایە کە ئەم فەلسەفەیە پێناسەی کردووە ، دەبێ لەسەر بناغەی ڕوانگەیەکی (ڕەسەنییەتی ئیرادە) باس بکرێت و ئاوەڵا بێتەوە. دیارە ئازادی بەم واتایە هەڵگری حاشاکردنی بەسراوەیی ئەو بە پێداویستە دیارەکانە. ئەگزیستانسیالیزم دەڵێت ئەگەر خودایەک بوونی نەبێت، تەنانەت گیانلەبەرێک هەیە کە بوونی ئەو لەپاش جەوهەر و توخمەکەیەتی. ئەگزیستانسیالیزم لە هەمبەر ئەم بیروبۆچوونە کە دەڵێت چۆنیەتی یان جەوهەری مرۆڤ ، کەسێتی و چارەنووسی هەمووان ئاشکرا دەکات، لەوبڕوایەدایە کە بوونی هەر کەس ڕووداوێکە تایبەت بەو کەسە و هەرامەیەکی پێشنگە. چۆنییەتی یان دەروون و زاتی هەر کەس ئاکامی پەیتاپەیتایی و هەمیشە گۆرانی وجوودی ئەو لە ڕەوتی زەمەندایە.

لە ئەگزیستانسیالیزمی(هایدگەر) و(سارتەر)، بوونی مرۆڤ دوا مەرگی خوداش جێگەی لێکۆڵینەوە و مشت ومڕێکی فرەزۆرەی خش کردووە . واتە تەنیایی و دژداماوی مرۆڤ لەجیهانێکی بەتاڵ بە بێ ڕێشاندەری خودا و بایەخی ئاکاری.

ئەم فەلسەفەیە لەلایەن بیریارانی بوونگەرا بە چەند شێوە و ڕواڵەتی جیاجیاوە پێناسە کراوە و ئاوڕی لێدراوە و تاقمێکیان بە توند و تیژییەوە دژکردەوەی ئەوانی ترن. ئەگەرچی هەموویان ڕێ و ڕەوشتێکی هاوتایان بەکارهێناوە و پێناسەکانیان بە شێوازێکی هاوشان و هاوشێوە دەسپێکراوە و گیرساوەتەوە، بەڵام لەولایشەوە پتر بە ئاکامگەلێکی تەواوەن دژکۆ گەیشتوون. بەتەواوی ئەم شتانە، هەموویان لەسەر یەک شتدا کۆکن و ئەوەیش ئەمەیە کە تێکڕا لایەنگری ئەگزیستانسیالیزمن .لە ڕوانگەی فەیلەسووفانی بوونخوازەوە، مرۆڤ تیشکدەخاتە سەر چەمکێک کە لە ئەندێشەی سەقامگیر بووە، (واتە مرۆڤ ئازاد نییە). مرۆڤ ، لە سەرەتاوە بوونی هەیە، خۆی دەبینێتەوە، لەم جیهان سەربەرز دەکاتەوە و ئینجا خوی شوناس دەکاتەوە و خۆی دەناسێت، واتە بە پێناسەیەکی هەمەکی و هەمەلایەنە لەخۆی دەگات. ئەگزیستانسیالیزم هیچ کاتێک نایهەوێت مرۆڤ لە هیوابڕی و تاتێل فەتوفەنا و نغرۆ بکات. بەڵام ئەگەر لەسەر ئەم قسەی خاچهەڵگران کە دەڵێن هەر هزر و بیرێک کە خودا لە بیروباوەڕدا نەگونجێت، بە هیوابڕی ئەژماردرێت و کۆتایی پێدێت، بەم چەشنە دیارە بنەما و بنچینەی ئەم فەلسەفەیە لەسەر بێ هیوایی بیچمی گرتووە. بەڵام بیرمەندانی دژ بەم قوتابخانە فیکرییە لەو باوەڕەن کە لە ئەژمارنەهێنانی ئەو هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆ لەسەر کارەکانی دیکە ناکات، چوونکا پێودانی ئەمانەت، پێشڕەوت و مرۆڤایەتی هەمیسان بەدەس دێنێت و لەلایەکیترەوە خۆی لە ژێر بارە قورس و گرانەکەی ئەم چەمکە کۆن و ئاڵۆزاوییە دەرباز دەکات، هەتا بە شێنەیی و بە شێوەیەکی خۆڕسک و بێ سێ ودوو لە ڕێچکەی وێرانکەری و قەتیسییەوە هەنگاو بنێ و بتوانێت لەم قۆناغە ناحەزەدا باز بات و بە سەربەستی تێپەڕێت .

**ژێدەر:**

انسان و اندیشه، (دو مفهوم اساسی فلسفه، اگزیستانسیالیسم)، نوشته دکتر حمید حمید، تهران 1346